لە ئەنجامی هێرشی سوپای ئیسرائیل بە سەر ناوچەکانی ناوەڕاستی کەرتی غەززە 47 کەس گیانیان لەدەستدا

لە ئەنجامی هێرشی سوپای ئیسرائیل بە سەر ناوچەکانی ناوەڕاستی کەرتی غەززە، 47 کەس گیانیان لەدەستدا و ژمارەیەکی زەریش بریندار بوون کە زەربەیان ژن و منداڵن.

بەپێی ئاژانسی هەواڵی فەلەستین WAFA، کە بە پشتبەستن بە سەرچاوە تەندروستییەکان بەاویکردووەتەوە، سوپای ئیسرائیل هێرشی کردووەتەسەر ناوچە جیاوازەکانی کەمپی نوسەیرات، زەوایدە و دێر بەلەح و خانووەکانی بەردوومان کردووە، دوای هێرشەکە تەرمی قوربانییان کە منداڵیش لەنێودابوو گواستراونەوە بە نەخۆشخانەی شەهیدانی ئەقسا.

بەپێی سەرچاوە ناوخۆییەکان، سوپای ئیسرائیل ژمارەیەکی زەر خانووی کردووەتە ئامانج کە میوانداری کەسوکاریانیان کردووە کە لە ناوچە جیاوازەکانی نوسەیراتەوە ئاوارەبوون.

لەدوای بەردوومانکردنی خانووەکان هاووەاتیانی ناوچەکە بەدەم قوربانییانەوە چوون، لە بەرامبەردا سوپای ئیسرائیل بە جاری دووەم هێرشی کردەوە سەر ناوچەکە، لەبەرئەوە زەربەی قوربانیانی هێرشەکە لەو ناوچەیەدایە.